# ئایە لاپەڕە کوردیەکانیش نە بوونەتە زەمینەیەک بۆ گەشەکردنی گەندەڵی؟

سەردار عبدالکریم عبداللە–هۆڵەندا
Sardar24@hotmail.com

سەرەتا من لەگەڵ ئەوەدانیم،کە هیچ کەسێ لەسەر ئازادی ڕا دەربڕین زیندانی بکرێ،لەبەرئەوەی نووسەر یان خاوەن فکری سەرکەش و ڕەخنەگر،چەکی بەدەستەوە نیە و "تی ئێن تی" لە خۆی نەبەستووە تا ڕاستەوخۆ مەترسی بۆ سەر ژیان و ماڵی خەڵک دروست بکات(بەواتای مەترسی مەرگی وەحشیانە)،بۆیە پێویست ناکات ئەو ڕەخنەگرە یان نووسەرە یان خاوەن فکرە زیندانی بکرێ یان بێ سەر و شوێن بکرێ،بەڵکو تەنها بەرپرسیەتیەک کە بکەوێتە سەرشانی ئەو خاوەن قەڵەم و فکرانە ئەوەیە بۆ ڕۆژی دادگایی کردنیان،دەبێ ناچاربکرێن لە بەردەم دادوەر ئامادەبن،بەمەرجێ بەر لەو هەنگاوە شکایەتی یاسایان لێ کرابێ،تا ڕاستی بۆچوونەکانیان لەبەردەم دادوەر بسەلمێنن،ئەگەر تاوانەکەشیان لەسەر ساغ بۆوە،ئەوە باشترین و کاریگەرترین و باوترین سزا لە جیهانی شارستانی و هاوچەرخ بۆ ئەم جۆرە کەسانە،تەنها یان سزای دراویە یان سڕکردنیانە لە کارەکانیان یان هەردووکیان پێکەوەیە.

**دیارە هەویری ململانێی نێوان دەسەلآت و هێزە بەرهەڵستکارەکانی یان بە شێوەیەکی تر هێزە خاوەن جبەخانەکان و ئۆپۆزسیۆنی قەلەم بەدەستی خاوەن ووشە لە جیهاندا،ئاوێکی زۆر دەکێشێ و مەرجنیە بە ڕوخانی دەسەلآتی لایەنێکی ململانێکە کۆتایی بەیارییەکە بێت. بەواتایەکی تر و ئەگەر بەبێ پەردە بدوێین و دان بەو ڕاستیە تاڵەش دابنێین،کە بە کۆتایی هاتنی دەسەلآتی یەکێتی یان پارتی،کوردستان نابێتە شامی شەریف و کۆتایش بەهەموو زوڵم و زۆریەکان نایەت.ئەی چارە؟**

**لەڕاستیدا بەشێکی سەرەکی تاوانی گەشەکردنی گەندەڵی ئیداری و سیاسی و...هتد کوردستان،دەکەویتە ئەستۆی ململانێکانی نێوان یەکێتی و پارتی و یەک نەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکان،بەڵام بەشێکی تریش لەم تاوانانە لە ئەستۆی خراپ بەکارهێنانی سیستەمی گلۆبالیزم و گەشەکردنی تەکنەلۆجیا و بازاڕە گەرمەکانی جیهانە.**

**بۆیە لێرەدا ئەرکی سەرجەم خاوەن ووشە،ویژدان زیندووەکان و بە هەڵوێستەکانە،کەوا لە پاڵ ئەرکی بەرەنگار بوونەوەی هۆکار و ئامێرەکانی گەندەڵی لە کوردستان،ئەرکی بەگژداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی ئاراستەی گلۆبالیزمیش بگرنە ئەستۆ.ئەم ئەرکانەش پێویستیان بە خەڵکی خاوەن فکری نەرم و پشوو درێژ هەیە،کە بتوانێ:**

**– دوور لە هەڵچوون و بەکارهێنانی دەستەواژەی ورووژێنەر بچێتە مەیدانەوە.لە کاتی نووسیندا،نابێ شەڕ و ململانێکانی نێوان خاوەن فکر و دەسەلآت،بە ئاقارێکی تر داببات**

که دووره له پەیامە مرۆڤایەتیەکەی، نابێ نه خوێنەران و نه خاوەن قەڵەم و فکرەکان ڕابکێشرێن بۆ شەڕێکی لابەلا.نووسەری خاوەن فکر هەرچەندە بە هێزبێت و لەسەر حەق بێ، هەرچەند خاوەن بەڵگە و دۆکیومێنتی حاشا هەڵنەگر بێ ،نابێت ئاکاری بەرزی خۆی لە دەست بدات و بچێتە نێو دنیای موهاتەرات یان جنێودان، بە ڕاستی ئەم جۆرە کارانە ئەگەر لە دڵسۆزی و بەتوانایش بێت، بەڵام بێشک دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆ دنیایەکی بچووکی دابڕاو لە فکر و جیدیەت، خوێنەر زیاتر بەلای بابەتی وروژێنەر و کاتی دادەبات، ئەمەش لەلایەک بوار لەبەردەم گەشەکردنی فکر ومەعرفە کەم دەکاتەوە و لەلایەکی تر هەلی باش دەڕەخسێنێ بۆ خەڵکانی هەڵپەرست و بێ فکری، تا بێ ئاگا یان بە ئاگا بمانخزێننە ناو شەڕە جنێو و ئەرکە سەرەکیەکانمان لە دەست بدەیین.بۆیە دەکرێ بۆ زیاتر جوانکردنی ئەم پەیامە مرۆڤانەیە بە زمانێکی دوور لە هەڵچوون و گرژی، هەمان ئامانج بپێکین، وەک غاندی دەڵێ:"ئەوەی دەتوانرێ بەشەڕ بە دەست بهێنرێ، بە ئاشتیش دەکرێ بە دەست بهێنرێ."

هەر ئەم هۆکارانەشن وایان کردووە، زیاتر خوێنەری کورد پەرۆشی خوێندنەوەی بابەتی توند و تیژ، دەمەقاڵێ و چەلەقانێ بێ، نەک بابەتی فیکری یان لێکۆڵینەوەی زانستی و فەنتازی بخوێنێتەوە، بۆ ڕاستی ئەم قسانەشمان من لێرەوە داوا لەسەرجەم  خاوەن لاپەڕەکان دەکەم سەرژمێری و لێکۆڵینەوەیەک بکەن لەسەر زەوقی خوێنەران و لای خۆیان ژمارەی ئەو کەسانە تۆماربکەن، کە بابەتە فکری یان لێکۆڵینەوەی زانستی و فەنتازیەکان دەخوێننەوە و کلیکیان لەسەر دەکەن، ئەوسا دەزانیین ئەوانەی بابەتی فیکری و لێکۆڵینەوەی زانستی یان فەنتازی دەخوێننەوە چەند کەمترن لەوانەی بابەتی جنێو ئامێز و توندو تیژ ئامێز دەخوێننەوە.ئایە بەم شێوازە کارکردنە، ئەم لاپەڕانەش نابنە بەشێک لە ئامێری فەسادکردنی کۆمەڵگای کوردەواری و هۆکارێک نین بۆ ڕیکلامەکردن بۆ تەشەنەکردنی زەوقی توندو تیژ ئامێز و تیراوەی کینە و بوغز؟ئایە بەم جۆرە کارکردنە، بە هاندان و گەشەپێدانی ئەم شێوازەی نووسین، سەرپەرشتیکەرانی لاپەڕە کوردیەکان، نابنە بەشێک لە گەشەپێدانی ڕۆشەنبیری ڕووکەش و چەقاوەسووی بێ ئامانج؟

ئازادی ڕا دەربڕین  لای خوێنەر و بەشێک لە نووسەر و بنووسانی کورد بۆتە کاردانەوە و بەرەنجام لە دژی ئازادی ڕادەربڕین.بەم شێوەیە بە بێ مەبەست و زۆر بە دڵسافی، بەناوی فراوانکردنی پانتای ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن، ئاراستەی زەوقی خوێنەری کورد بۆ ئاقارێکی تری زۆر دوور لەم بابەتە بردراوە، ڕاستر بڵێین، بەشێکی بەرچاو لە خوێنەری لاپەڕە کوردیەکان خەریکە دەبن بە" خوێنەری سادی"حەز بە ئازار و بریندارکردنی یەکتری/خەڵک دەکەن، بەمەش لە سایەی دەسەڵات، ئازاری جەستە و ڕوح بۆتە کارێکی ئاسایی و خەریکە" ودمی" پێوەدەگرین ،بە هۆی هاندانی نووسینی توند و تیژ یان جنێو ئامێزیش، خەریکە  سەلیقەی خوێندنەوەشمان بکەوێتە بەر مەترسی ئەم هەڕەشەیە.

من لەگەڵ ئەو ڕایەدام،کە دەبێ دەسەڵاتدارانی کوردستان لە مەترسی ئەم ڕەفتار و ئاکارانەیان،زۆر بەتووندی هوشیاربکرێنەوە،لەگەڵ ئەم ڕایەشم "مشت لە درێشە دەگەڕێتەوە"،بەڵام با درێشەی ئێمە ووشەی جوان بێت،ڕقی پیرۆزبێت،با جوانی ووشەکانمان،ئاکاری بەرزمان،لە بەرامبەر شتە ناشرین و زشتەکانی دەسەڵاتداران و گەندەڵیەکانیان و بێ ویژدانیان،پەرچەم و دروشمی ئێمە بێت.کە ئێمەش وەک ئەوان خزاینە نێو مهاتەرات و شەڕە جنێو و توندوتیژی،بەراوردکردن لە نێوانماندا بوارێکی وای لەبەردەمدا نامێنتەوە.

– پێویستە سنوورێک بۆ هەموو ئەو جۆرە دەست درێژیانە دابنرێت کە دەکرێن/ کراون، بەتایبەتی ئەوانەی دەکرێنە سەر قەڵەم بەدەست و خاوەن فکرەکان،ئەمەش بێشک بە ڕوو بەڕوونەوەی ئەو دەسەڵات و ناوەندانە دەبێت،کە پێشێلی سەرجەم بنەما یاسایی و ڕێککەوتنە جیهانی و پیشەییەکان دەکەن،دوور لە عورف و عاداتی باوی کوردەواریش هەڵسوکەوت دەکەن،بەڵام لەسەر ئێمەشە بزانیین سنووری کاریگەری ووشە چەندە و چەند بڕەکات؟

من دەزانم لە کوردستان گەندەڵی و بەڕەلایەکی زۆر هەیە،یاسا لە ئاست دەسەڵات لە خەوی قوڕسدایە،دەسەڵات یاسا و کاری دادوەری لە ئاست بڕیارە سیاسیەکان،سەری زۆر بەرز ناکاتەوە،هێشتا ماف بە ڕەبەی پیاوانی چیا و خەباتی چەکداری دەپێورێ،دەستکەوت و مەحسوبیەت نانی عەدالەت و سەری مافی خواردووە،بڕوانامەی خوێندن تەنها بۆ ڕازاندنەوەی دیوارە،هێشتا خەباتی چیا و ڕۆژگاری بەر لە ڕوخانی سەددام نەبۆتە ماددە و بابەتی مێژووی،وەک وانە لە زانکۆ و خوێندنگاکان ناخوێنرێن،بەڵکو هەر زیندوون و بەشێکن لە سەرجەم ڕەفتارەکانی ڕۆژانەمان و لە بچوکترین کار و چالاکی کۆمەلایەتی، سیاسی،پەروەردەیی،...هتد بەرچاون و زیندوون.

بۆ لە ناو بردنی ناشرینی،دەبێ جوانی هەبێ،بۆ لابردنی بۆگەنی دەبێ گوڵاو هەبێ،بۆ کپ کردنی دەنگی تەقە،دەبێ  چڕینی گۆرانی هەبێ،بۆ سارێژکردنی برینی جەستە و ڕوح، دەبێ دەستی نەرم و وشەی سۆزاوی هەبێ،بۆ سڕینەوەی پیلان و نەخشەی جەهەنەمی،دەبێ عەقلی تەندروستمان هەبێ.بۆ خوێندنەوەی واقیعی سیاسی، کۆمەڵایەت، ڕۆناکبیری،پەروەردەیی،فکری،...هتد لە کوردستان دەبێ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیمان هەبێ،دەبێ وشەکانمان بە تەرازووی عەقل و بە فیتەی ویژدان بپێورێن،نەک بە هەڵچوونی دەروونی یان بە پەخشانی سیاسی یان ڕشتنی کینە یان بە ڕەبەی بەرژەوەندی تایبەتی و بە ئەسکوی ماستاوی ناوەخت و بێ مانا بە گۆڕی وەربکەین.

ئەگەر دەسەڵاتداران بە زمانی ڕق و بووغزەوە دەمان دوێنن،ئەگەر ئەوان بە زیندان و پۆلیس و یاسای خۆیان دەمانگرن،ئەگەر ئەوان بە"السن بالسن و العين بالعين و البادي أضلم"دادگایمان دەکەن،با ئێمە بە زمانی خۆشەویستی بیان دوێنین،با ڕوومەتی ئێمەش سوور سوور بێت وەک عیسا،با ئێمە بە یاسای مرۆڤپەروەری قسەیان لەگەڵ بکەین و بزانین هەموو کەسێک ڕێزی خۆی هەیە،هەتا چەتە و ڕێگرەکانیش،مادامەکێ مرۆڤن.

ئەو ڕاستیەی کە حاشا هەڵناگرێ ئەوەیە، کە نە پێغەمبەری ئیسلام و نە خەلیفەکانی بە زەبری شیر نەیان توانیووە بە قەدەر بوزا و عیسا سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.ئێستا سەرجەم دانیشتوانی جیهان نزیکەی 6 ملیار مرۆڤە،تەنها "یەک ملیار"ی موسڵمانە،لەو ملیارەش نیوەی زیاتری،تەنها بە "نفوس" موسڵمانن؟!ئەگەرچی نزیکەی پتر لە نیو سەدەیە،لە هەموو جیهان سیاسەتی سنووردانان بۆ زاوزێ پەیڕەو دەکرێ،ئەوەی ئەم سیاسەتە بە حەرام دەزانێ،بەشی هەرە زۆریان موسڵمانەکانن؟!ئەگەر ئەم ڕاستیە لەبەرچاو بگرین،ئینجا دەزانین ئەوەی بە ووشەی جوان دەکرێ/کراوە، کاریگەرییەکەی چەند مەزنترە بووە/دەبێ،لەوەی کە بە ووشەی زشت و زبر یان بە کاری توند وتیژی ئەنجام دراون/دەدرێن.